# پۆلیسی تورك تەجاوەز بە ژنێکی کورد دەکەن

کاوە ئەمین



پۆلیسی تورک، گوڵبەهار گوندوز بەرپرسی ژنانی DEHAP – پارتی دیموکراتی گەل لە ئەستەنبوڵ دەرفێنن و پاش هەشت سەعات ئەشکەنجە و سوکایەتی پێکردن، تەجاوەزیی پێ دەکەن و پاشان لە نزیک ماڵەکەی خۆی فرێی دەدەن. گوڵبەهار ئەم هۆڤێتیەی پۆلیسی تورکی بە بەشداری ئەندامانی مافی مرۆڤ و ڕێکخراوە سیاسیەکانی سەر بە دەهاپ بە ئاژانسی دەنگوباسەکان ڕاگەیاند. گوڵبەهار دەڵێت: " پۆلیسەکان پێیان وتووە بۆچی دەهاپ داوای لێبوردنی گشتی دەکات. بۆچی ژنان هەمیشە پێشەنگایەتی چالاکیەکان دەکەن؟ ئێوە وادەزانن لەبەر ئەوەی ئێوە ژنن، ئیتر ئێمە ناتوانین دەست درێژیتان بکەینە سەر؟ دەبا هەڤاڵانتان بێن و ئێوە لەدەستمان ڕزگار کەن! ئەمە دەبێت ببێتە دەرسێک بۆتان".

Fout!



گوڵبەهار ئەو تاوانەی تورکەکان بەم شێوەیە دەگێرێتەوە لە کاتێکدا کە فرمێسک بە خوڕ بەچاوانیدا دەهاتە خوارەوە و بە حەپەساوییەوە دەڵێت" ڕۆژی 6/14 کاتژمێری 9 سەرلەبەیانی بەرەو ناوەندی هادەپ دەچووم. لە ڕێگا چوار پۆلیسی مەدەنی بە زۆر ڕاپێچیان کردم بۆ ناو سەیارەیەک. لەبەر ئەوەی سەریان کێشابووم بە سەیارەکەدا لەهۆش خۆم چوو بووم. کاتێک بەهۆش خۆم هاتمەوە، خۆمم لە قاتێکی ژێرە زەوی بینایەک بینیەوە کە پەنجەرەی تێدا نەبوو. لە کاتی لێپرسینەوەدا، چاویان بەستبوومەوە. جۆرەها ئەشکەنجەیان کردم و هەموو لەشم شین و مۆ بووبووە، پاشان تەجاوەزیان پێکردم. من بە باشی دەموچاوی ئەو پۆلیسانەم نەبینی کە تەجاوەزیان پێ کردم، بەڵام تەمەنیان لە نێوان 35 تا 40 ساڵ دەبوو".

لەسەر داوای ڕۆژنامەنووسان، گوڵبەهار جێگایی ئەشکەنجەی دڕندانەی تورکەکانی کە بە لەسەر لاشەیەوە مابوو نیشان دا، پۆلیسەکان جگەرەیان بە دەموچاوی گوڵبەهار کوژاندبووە، تەنها لە بەرەئەوەی داوای "لێبوردنێکی گشتی" دەکەن بۆ بەدیهێنانی ئاشتی و مافەکانی کورد.

بە ڕاستی دنیایەکی سەیرە بەوحاڵەوەش دەبێت کورد داوای "لێبورنی گشتی" بکات، کەچی تورکیا لە پاداشتی ئەوە دا تەجاوەز بە ژنانی کورد دەکات، گوندیان کاول دەکات، خاکیان دەکات بەژێر ئاوە وە، پیاسیی دەکات بە سەروچاوی منداڵانی کوردا و بە بازاڕدا دەیانگێرێت، سەرەڕای ئەوانەش تورک ناڕازینن.

بەڕاست دەبێت لە کورد بە تەحەمول تر هەبێت لەم دنیایە دا؟

سەرچاوەی هەواڵەکە: ماڵپەری
www.rojev.com